# (گوڵە نەگەشاوەکان

**فیلمی گوڵە نەگەشاوەکان ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە و**



فیلمەکە بەرهەمی هاوبەشی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوەندی گاف بۆ بەرهەمهێنانی کاری تەلەفزیۆنی و سینەمایی کوردییە لە شاری سلێمانی . لوقمان غەریب سیناریۆ نووس و دەرهێنەری فیلمەکە، لەم بارەیەوە گوتی: (لە مانگی دیسامبەری ساڵی ٢٠١٩ وە تا ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی ئەم فیلمەین، کە لە جۆری فیلمی درێژی درامی دایە و ماوەکەی ٩٠ خولەکە، چیرۆك و رووداوەکانی ئاوێتەن لە نێوان دوو مێژووی جیاوازدا، کە بۆ هەردوو ساڵی ١٩٨٨ و ٢٠١٢ دەگەڕێتەوە، تیادا باس لە ئاسەواری مەرگەسات و ئازار و ئەندێشەی دوو خانەوادەی پاشماوەی هەردوو کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات).

سیناریۆی فیلمەکە بە تێگەیشتن و جۆرێکی جیاواز مەسەلەی کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران بەرجەستە دەکات و چیرۆك و بابەتێکی نوێ دەگێڕێتەوە، دیارە ئەو کارەساتانە هەڵگری سەدان چیرۆکی مەرگەساتبار و تراژیدین کە بەداخەوە هێشتا هیچ کام لە بوارەکانی کولتووری، بەتایبەت سینەما و چیرۆك و رۆمانی کوردی بە باشی خۆیان لە قەرەی نەداوە. فیلمی «گوڵەکان ناگەشێنەوە» بە بەشداریی هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون «عەلی کەریم، بەهائەدین هەڵەبجەیی، تەها داراغایی، جەمیل ئەحمەد، سازگار فواد» و هەریەك لە هونەرمەندانی ناسراو «ئاواز رەحیم، عومەر عەبدوڵا قاچ، سەرچڵ رەفیق، حەسەن حەمەساڵح، ئاراز عەبدولڕەحمان و شاناز جەمال» و هونەرمەندانی لاو و ئەستێرەی ئایندە «لاوە بێستون، شێما رێبوار و شیراز جەلال» و کۆمەڵێ هونەرمەندی دیکەیە.

# ـــــــى) لوقمان غەریب

**لە ئایندەیەکی نزیکدا ئامادەی بڵاوکردنەوە دەبێت.**




بینراوەکانی فیلمی «گوڵەکان ناگەشێنەوە» لە شارەکانی هەڵەبجە و دەربەندیخان و ئاوایی ڕێژنە و دێوانەی دەڤەری گەرمیان تۆمار کراوە، ئەم فیلمە لەلایەن ستافێکی لاوی کوردەوە کاری تەنیك و پرۆداکشنی بۆ ئەنجام دراوە، لەوانە (کامێرا و DOP - بەهمەن سەڵاح، یاریدەدەری دەرهێنەر -نڤار لوقمان، مایکاپ ئارتێست - لارا خەبات، سکرێپ و کلاکێت - شاریۆ یاسین، درۆن و فلای کام - هاوڕێ بەختیار، بەڕێوەبەری بەرهەم - محەمەد شوان، میوزیك - ژیار گۆران، مۆنتاژ و مێکساژ - دیار خەسرەو، ترایلەر - ژیر، پرۆدێسەر - لوقمان غەریب).

وابڕیارە پاش تەواو بوونی کارە هونەرییەکانی، فیلمەکە لە رۆژی سینەمای جیهانیدا لە مانگی دیسامبەر لە هۆڵەکانی سینەما لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و کەرکوك و هەریەکە لە شارۆچکەکانی کەلار و دەربەندیخان و رانیە و قەڵادزێ نمایش بکرێت.

سەبارەت بە کار و چالاکییەکانیشیان بە گشتی، لوقمان غەریب ئاماژەی بەوە کرد کە «لە ناوەندی گاڤ ئێستا سەرقاڵی ئامادەکارییین بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی دیکەی درێژ بە «ناوی ئەوین لەژێر باڵی تاریکدا» کە جۆری فیلمی درێژە و ماوەی ٩٠ خولەکە، باس لە هەندێ ئاریشە و کێشەی سەردەم دەکات، هاوکات کار بۆ بەرهەمهێنانی زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی دەکەین کە بریتییە لە ٣٠ ئەڵقە و لە مانگی رەمەزانی داهاتوودا لە کوردستان تیڤی پەخش دەرێت) .





# سوانک: یادگاریی ناخۆشم لەگەڵ هەژاریدا هەیە

خانمە ئەکتەری ئەمریکی هیلاری سوانك کە دوو جار خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێناوە، رایگەیاند کەوا ژیانی منداڵیی خۆی پڕ بووە لە یادگاری تاڵ و ناخۆش کە هەمیشە لە خەیاڵیدا دەمێنێتەوە و زەحمەتە بە ئاسانی بتوانێت لە یادیان بکات. هیلاری لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری (فۆگ) زیاتر وتی: ژیانی منداڵیم بەشێکی زۆری بە هەژاری و نەداری بەسەر برد، بە جۆرێك ئەستەکە یادگارییە ناخۆشەکانی لە یاد بکەم، منداڵی من زۆر ناخۆش بوو و ئەستەمە بتوانم ئەو رۆژانە لە یاد بکەم.

هیلاری زیاتر دەڵێ: زۆر لە دایك و باوکان رێگەیان نەدەدا منداڵەکانیان یاریم لەگەڵدا بکەن، تەنیا لەبەر ئەوەی من لە خانەوادەیەکی هەژار و سادە بووم، بۆیە منیش هەمیشە لەم واقیعە تاڵە رام دەکرد بۆ جیهانێکی خەیاڵی وەك ئەوەی لە فیلمەکاندا هەیە و پاڵەوانی فیلمەکان دەبوون بە هاوڕێی ئەوانەی زۆر بە باشی لە هەستی زوڵم دەگەیشتن، بۆیە ئێستاش من شەیدای ئەم جۆرە فیلمانەم.

دەربارەی ژیانی ئێستا و دەوڵەمەند بوونیشی دەڵێ: تا ئێستا بە تەواوی باوەڕ ناکەم کە بوومەتە بەشێك لەم جیهانە، بۆیە ناکرێ هەموو کاتێك باس لەو بابەتە بکەم و بگریم، چونکە ئەمە شتێکە لە خەیاڵەوە نزیکە.



# کریستینا ئەگویلیرا: دایکایەتی هەستێکی بێ وێنەیە

گۆرانیبێژی بەناوبانگ کریستینا ئەگویلیرا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی توانیویەتی سەرکەوتوو بێ لەنێوان ئەرکی خۆی وەك دایکێك و بەردەوامیدان بە کارە هونەرییەکانی.

ماڵپەری کۆنتاکت میوزیك لەم بارەیەوە لەسەر زاری کریستینا رایگەیاند: ئێستا خەریکی پەروەردەکردنی کوڕەکەیەتی کە تەمەنی دوو ساڵە، ئەمەش وای لێ کردووە، زیاتر لە جاران ماندوو ببێت و، کاتی خۆی دابەش بکات لەنێوان ئەرکەکانی ماڵەوە و کارە هونەرییەکانی، بەتایبەتی ئەنجامدانی گەشتە هونەرییەکانی. کریستینا هەروەها دەڵێ: لە تاقیکردنەوەکەی خۆمدا بۆم دەرکەوتووە کە ئافرەتان خاوەن هێزێکی لە بن نەهاتوون و توانای بەرگە گرتنی بارودۆخی جیاجیان هەیە، چونکە ئافرەت سەرچاوەی ژیانە بۆ منداڵەکانی.

شایەنی باسە بەشێك لە ئەستێرە بەناوبانگەکانی جیهان بەتایبەتی گۆرانیبێژان زۆر جار لەبەر سەرقاڵییان بە کارە هونەرییەکان و گەشتە بەردەوامەکانیان دەرفەتی ئەوەیان نییە کە منداڵ بەخێو بکەن و، زۆریان لەو هەست و سۆزە بێبەشن.





# هایدی کلۆم بۆ کچان: چەندی جوان بن هەر کەمە

کچە نمایشکاری جلوبەرگی ئەمریکی هایدی کلۆم داوای لەو ئافرەتانە کرد کە دەیانەوێ چرچ و لۆچی دەموچاویان نەمینێت و جوانتر دەربکەون، پێویستە کێشی لەشیان زیاد بکەن، پێداگریی لە سەر ئەوەش کرد کە: چەندی جوانتر بن، هێشتا کەمە.

لەم بارەیەوە رۆژنامەی نیویۆرك دایلی نیوز رایگەیاند، پزیشکانی پێست و شارەزایانی جوانکاری هەمان بیروبۆچوونی هایدییان هەیە و، پێیانوایە بۆ ئەوەی ئافرەت جوانتر بێت، پێویست دەکات، کێشی لەشی زۆر زیاد نەبێت، هەروەها پزیشکان دەڵێن: ئەو کەسانەی رێژەی چەوری لە دەموچاویان کەمە، زۆر بە گەنجی دەرناکەون.

سەبارەت بە قەڵەویش هایدی دەڵێ: زۆر جار کچان و ئافرەتان قەڵەوی بە کارێکی باش نازانن، منیش هانیان نادەم بۆ ئەوەی قەڵەو بن، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێ قەڵەوی بە کێشەیەکی گەورە بزانن.

هایدی زیاتر دەڵێ: لە ماوەی رابردوو هەست دەکەم دەموچاوم زیاتر بەرچاوە و دیارە ئەمەش لەبەر ئەوەی کەمێك کێشم زیادی کردووە، بەڵام نامەوێ ئافرەتان زیاد لە پێویست قەڵەو بن و دواتر تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر ببنەوە.

## بە شانۆگەریی (پاسەوان)

# تیپی شانۆی سالار دەستی بە بەخششە هونەرییەکانی کردەوە

**نمایشێکی جوان وردە ئەڵماسێکی قاڵکراو لەسەر پێخەفێك لە شیعر، گوڵ کە لەوەدان بژاکێن.مێژووە خوێناوییەکەی خەڵکی کورد لە زەمەنی دیکتاتۆردا، تەنگپێهەڵچنین و زەبروزەنگ، هەژاری و مەرگێکی خوێناوی، (پاسەوان) یادەوەریی ساڵانێکی درێژ لە چەوسانەوەی سەردەمی رژێمی سەدام دەگێڕێتەوە.**

خەلیل بلەیی

دوای وەستانێکی زۆری جموجووڵی شانۆیی لە هەولێری پایتەخت بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا،(تیپی شانۆی سالار) بە هاوبەشیی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر) – بەشی هونەری شانۆ، بە شانۆگەریی (پاسەوان) دەستی بە چالاکییە هونەرییەکانی خۆی کردەوە، ئەم شانۆییە لە نواندنی دەستەیەك لە شانۆکارە ناودارەکانی تیپەکەی هونەرمەندی گەورەو پایەداری کورد مامۆستا (ئەحمەد سالار)بوو.

شانۆگەریی (پاسەوان) بە سەلیقەی ریژیسۆریی و دراماتۆرکیی هونەرمەندی ناسراوی کورد (ئەرسەلان دەروێش) لە چەند تێکستێکی نووسەری هەڵکەوتوو (د.دلشاد مستەفا) ئامادەکراوە و لە رێکەوتی ٨,١٠,٢٠٢٠ لە هۆڵی بە رێوەبەرایەتیی شانۆی هەولێر لە ئەتمۆسفێرێکی ئیستاتیکیی بەرزدا و بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی شانۆدۆست، بە رەچاوکردنی رێنماییە تەندروستییەکان پێشکەش کرا .

شانۆگەریی (پاسەوان) کە لە میانەی دیدی هاوبەشی (ئەرسەلان دەروێش)ی دەرهێنەر و (دڵشاد مستەفا)ی نووسەرەوە دارێژرا بوو، سەفەر و شۆڕبوونەوەیەکی هونەریی بە ناو پانتایی چەند دەقێکی هەڵبژاردەدا ئەنجام دەدا، کە بریتی بوون لە تێکستەکانی (فیردەوسی تەمتوومان، پاسەوان، نیگای بکوژیك)، ئەم دەقانەش سەرباری چەندین تێکستی دیکەی نووسەر، لەلایەن هەمان دەرهێنەرەوە لەسەر گریمانەی (ئێمە ئێستا لێرەداین) کاری تێدا کراوە.



چەندین پرسی گرنگی نەتەوەیی و مێژوویی بە زمانێکی هونەریی تەژی لە جوانی بەرجەستە کردبوو، وەك پرسی (کوردبوون پرسی، ژیانی پێشمەرگە و قوربانییەکانی، ئەنفال) لە هەموو سەردەمەکانیداو لە تەواوی دەڤەرەکانی کوردستاندا، زیاتر تیشك خرایە سەر تاوانەکانی داعش لە شنگال و تاوانەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووك وناوچە کوردستانییەکانی دیکە، سەرەڕای پرسی ئەنفالکردنی دەستەیەك لە کیژانی کورد بە ناردنیان بۆ وڵاتە عەربییەکان لە سەردەمی رژێمی سەدامی خوێن رێژدا.

لەم شانۆگەرییەدا کە چەند ئەکتەرێکی دیار بەشدارییان تێدا کردبوو، وەك هونەرمەند ی بەتوانا (پشکۆ شێخ عەلی) و خانمە شانۆکاری هەڵکەوتوو (ڕەمزییە قادر)، جارێکی دیکە ڕابەری شانۆی کوردی مامۆستا (ئەحمەد سالار) لەسەر تەختەی شانۆ و بە گیانێکی گەنجانە لە وزەدا و داهێنەرانە لە ئەفراندن، لە ڕۆڵی پیاوێکی ئێزیدیی دوای (کارەساتی شەنگال) بەشداریی نواندنی کرد، پیاوێك بە هەگبەیەکی لە پڕ یادەوەریی تاڵ و خوێناوی و زامەوە.

مامۆستا (سالار)ی گەورە لەم تەمەن و بارە تەندروستییە نەخۆشبارەیەدا توانیێ شەوقی گڕ و بڵێسەی عیشقە گەورەکەی بۆ شانۆ داگیرسێنێت و چەند ساتێکی ئەفسووناوی بە جەماوەرە هونەردۆستەکەی ببەخشێت و بیسەلمێنێت کە (بەهرە و توانای داهێنانی ڕاستەقینە، تەمەن و پیری ناناسێت) ئامادەبوون و دەرکەوتنی ئەم پێشەنگە هونەرییەی گەلەکەمان جوانترین وانەی بەردەوامیی و ژیاندۆستی و ماندوونەناسیی بۆ گەنجان نەخشاند، کە چۆن عەشقی هونەر پەلکێشی کردووەتە بەردەم چراکانی شانۆ، کە ئیدی سەراسیمەی ئەو جیهانە پڕ لە جوانیء ئەفسوونە بووە و بە درێژایی تەمەنی بۆی ژیاوە و بەردەوام لە ناویدا سترانی ژیانپەروەریی دەچڕێت.

هەروەها خانمە ئەکتەری بەتوانا (ڕەمزییە قادر) لە ڕۆڵی ژنێکدا کە سەرباری پاشماوەی ئەنفال و لە دیمەنێکی کورتی جوان چنراوی شانۆییدا، وتە ئاڵتوونییەکەی (ستانسلافیسکی) زاخاودایەوە کە دەڵێت: «ڕۆڵی گەورە و بچووك نییە، ئەکتەری گەورە و بچووك هەیە»، بەڵێ لەماوەی چەند خولەکێکدا خاتوو (ڕەمزییە)ی هونەرمەند، بینراوێکی ناخ هەژێن و ئەفرێنەری پێشکەش کردین، کە ئاوێتەیەك بوو لە هەست و سۆزی ڕاستگۆیانەی ئەکتەر و گەیاندنی ئەو پەیامە هزری و جوانکاری و درامییەی پێی سپێردرابوو، چیرۆکەکانی ئەنفالی گەرمیانی لە هەردوو سەردەمی کۆن ونوێدا پێکەوە شەتەك دابوو، بە سۆزێکی ئەسرین ڕێژ، ژنێکی جەرگ سووتاوی پاش مەرگەساتەکان بەشێکی گەورەی نەهامەتییەکانی جەنگ و جینوساید و باجی کوردبوونی بۆ بەرجەستە کردین، کە مایەی سەرسامی و ئافەرینی بینەران بوو، بەتایبەتی کە لە دوای ڕۆڵە درەوشاوەکەی (ئەلبا) لە شانۆگەریی (ماڵی برناردا ئەلبا) وە و دوای ساڵانێك لە دەرنەکەوتن، ئەم یەکەمجار بوو کە بێتەوە سەر تەختەی شانۆ لە هەولێر.

هونەرمەندی هەمیشە هەڵکشاو لە ئاستی نواندندا شانۆکاری گەنج (پشکۆ شێخ عەلی) ئەرکی گەورە و ڕۆڵی سەرەکیی ئەم شانۆگەرییەی لەلایەن دەرهێنەرەوە پێ سپێردرابوو، کە توانی بە ڕیتمێکی شانۆیی ئەکادیمی لە نواندن لە سەرەتاوە تا کۆتایی نمایش سەرنجی بینەران ڕابکێشێت و ببێتە مایەی سەرسامییان.

(پشکۆ) ڕۆڵی پێشمەرگەیەکی دێرین و بەشمەینەتی بەرجەستە کرد، کە خەمەکانی نیشتمانی لە کۆڵ ناوە و عیشقی دولبەرە ئەنفالکراوەکەیشی بە سنگەوەیە و ڕایدەژەنێت، کەچی بە بێ ویستی خۆی لە ئێستادا پاسەوانی بەردەرگای یەکێك لەو مەزرەعانەیە کە بەرپرسە گەندەڵەکان بۆ داوێنپیسی دایاننناوە، بۆیە لە ئاست ئەو سووکایەتییەدا و لە حەسرەتدا، گیان دەبەخشێت و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. ئاسان نییە لە یەك کاتدا توند و دڵڕەق بیت و نەرمونیانیش بیت! پڕ ئەندێشە و هەستی پەژمووردە بیت، کەچی ڕانەچڵەکاو و سەرسەختیش بیت، ئەم ئەکتەرە بەتوانایەی شانۆکەی (سالار) لە نواندنی ئەم کارەکتەرەدا، جارێکی دیکە بڕوانامەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا و درەوشاوە بوو.

دوو ئەکتەری لاوی دیکە کە لەم شانۆییەدا بەشداربوون (نڤار نیاز) لە ڕۆڵی (کور)دا، (سیما مستەفا)ش لە ڕۆڵی (کچ)دا هەردووکیان بە شێوەیەکی بایەخدار بریسکەی بەهرەیان پیشانداین. ئەمە سەرەڕای کۆمەڵێك هونەرمەندی دیکە کە ماندووبوونیان لە شانۆگەرییەکەدا تەواو دیاربوو، ئەوانیش وەك لە پرۆشۆری شانۆگەریەکەدا هاتووە هەریەك لە (هیوا سوعاد– سەرپەرشتیاری بەرهەم، دانا محەمەد- یاریدەدەری دەرهێنەر و جێبەجێکاری هونەری، هیوا عەلی– دانەر و جێبەجێکاری ڕوناکی و بەڕێوبەری شانۆ بە هاوبەشیی غازی شینە، بێزار سلێمان و ڕەشید تاریق و بنیاد فەرحان – جێبەجێکارانی سینۆگرافیا)و..چەندین ماندونەناسی دیکە.

جیگای ئاماژەیە هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) لە ساڵی ٢٠٠٦ شانۆگەریی (پاسەوان)ی لە شاری سلێمانی و لە یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی سالار و لە ساڵی ٢٠٠٧ لە شاری (بەرلین) و لە ساڵی٢٠١٠ لە (نۆ) شاری وڵاتی (سوێد) بە میوانداریی (شانۆی نیشتیمانی سوێدی)نمایش کردووە و چەندین وتاری بەزمانەکانی (کوردی و عەرەبی وسوێدی) لە بارەیەوە نووسراوە.

*** لە وتاری (ساتە وەختە ئەفسووناوییە گەورەکەی شانۆ) ی نوسەری سوێدی (بیۆرن ویدیگرێن) سەبارەت بەنمایشی (پاسەوان ) لە شاری ستۆکهۆڵم ٢٠١٠**

